


بۆ چەند جارێك ئەم دیوو ئەو دیووی بەباریِ لەشی کرد کە نوستنەکەی ئاسای بکات .. ، خەو مەلێکی هەڵفراو بوو لە چاوەکانیا ، .. هەموو کەسێك لە شەوی کارواندا دەڵێن خەو لەچاوەکانیا دەتۆرێت .. لێفەکەی توڕدا لە گەرماندا ، .. هێشتا ئەستێرەیِ گەلاوێژ لە لوتکەی چیای گوێژەوە نەکەوتوتە ماچ کردنی سەر ڕوومەتی شار ، .. کاروان چیِیەکانی لادێ بە بارە دارو خەڵوزو میوەی هەمە جۆر لەدۆڵەکەی سەروو مەڵکندییەوە دەنگیان دەگەیشتە بەر کارێزەکەی داروغا ... خەو لەچاوەکانیا باریکرد .. کاروانچییەکانی لادێ نەگەیشتبوونە لای قوتابخانەکەی (عەونی)[1] کە شیرین تازە کلۆمی دەرگاکەی ترازاند بوو ، کەوتە بانگ کردنی کوڕەکانی .. ئەمبەر و ئەوبەری کۆڵانەکەی کرد لە دەرگاکانی داو .. جوولاندنەوەیەکی لە کۆڵانەکەی سەر شیوەکەی پیر مەنسور[2] پەیدا کرد ، .. وەستا مارف پینەچی ، حمە شوانی ئاسنگەر ئەحەی لیفە درو ، حەمۆڵەی مزگەر ، سمایلی دارتاش .. وکۆمەڵێکی کەی کوڕ گەلی کۆ کردەوە ، ئەوانیش بەدەم گفتوگۆو قسەی ئەستەق و پیِ یکەنینو ناوی خوا بردنەوە دەمی گوزەری بازاڕەکەیان یەکالا کردەوە ، .. پەلەیان لە کردنەوەی دوکانەکانیان دەکرد ، ... مووشە دەمەی دوکانەکەی حمە شوان کەوتە بەرز کردنەوەی بڵێسەی کوورەکە ، ناو بەناویش دەنگی لە ئاکۆی کوڕی دەکرد کە ماوەی بڵێسەکە نەدات بنیشێتەوە نەك کوورەکە سارد بێتەوە .. لەلایەکی کەوە پەلەی ئەوەی بوو کە بگاتە خەڵکەکە بۆ ئەوەی دەست وبردیان لێ بکات وبارکەن ، ئەمانیش دەمی ڕێگا دەگرن وهیچ نەبێت حەمۆڵەو سمایلی دارتاشو ئەوانەی کە لە دەربەندی گوێژە ئەوان بگرنەوە .. دەنگی بانگەکەی مزگەوتی حاجیحان لەکۆڵانەکاندا بڵاو بووە ، .. ئەوانیش لەتەواو کردنی بارکردنی بارگەی و لاخەکان بونەوە ، ..

بەختیار ڕەشمەی ولاخەکەی دایکی گرتە دەست ودەنگی لەئێسترە چەوتە کرد ، ئافرەتەکان کەوتنە هاوارکردن لەوەی لەولاخەکە بکەوێتە خوارێ وئەویش وەك کەڵەشێری سەر بارە دار لەبەر دەمی دایکیدا قووت دانیشتبوو و لوتکەی کورتانی ئێسترەکەی بەتوندی گرتبوو .. ئەستێرە گەشەی گەلاوێژ کەوتە سەرەتاتکیِی لەڕوی شاردا ، .. کاروان لەکارێزەکەی داروغا تێپەڕی ، پاش ئەوەی ئێسترەکان تێر ئاو کران ، .. کوڕ گەلی گەرەك هێشتا لەدەمی شار دەر نەچوو بوون کاروان بەهێواشی دەڕۆیشت ، .. کاروانی لادێو کاروانی ئەوان لەباوەشی گوێژەدا تێکەڵ بەیەك دەبوون :

- ماندو نەبن .
- خۆتان ماندو نەبن .

شنەی سەر لووتکەی چیاکەی گوێژە لە کەژەکەدا خۆی پەخش کردەوە بۆنو بەرامەی ڕیحانە ڕەشەو گوڵە بەیبون مەی بوو مرۆڤی مەست دەکرد .. کزەی شنەی بەیان بێناچاری وەهای لەدایکی کرد کە جاجمێکی ئەستووری خەت سیمداری تێوە پێچێ نەك سەرمای بێت .

کاروانەکە لەدەمی دەربەندەکەی گوێژە تیپەڕیی کرد کە کوڕ گەلی گەرەك گەیشتنە ڕیزی کاروانەکەو دەنگیان لەکاروانچییەکان کرد کە پێ هەڵگرن بۆ ئەوەی هیچ نەبێت لەسەر لوتکەی گوێژە زوڵفە خاوەکەی خۆر لەڕویان بدات و

بەسەر شانیاندا پەخش بێتەوە ، کاروانەکە بە چیاکەدا هەڵگەرا ، .. تا گەیشتنە سەر لوتکەی گوێژەو زنجیرەی تیشکی خۆرەکە لەدەم کەلەکانی ئەو بەرەوە کەوتە سەرەتاتکێو خۆی پەخش کردەوە بەسەر لوتکەی چیاکانەوە .. ئەو کەمێك گەرمی بەلەشی گەیشتو چاجمەکەی لەسەر خۆی لادا ، هەناسەیەکی سەرفرازی هەڵکێشا لەسەرماو ترسی تاریکی شەو کە وڵاخەکەیان هەڵ نەنوێت لەپێ بەردێکو لە کاروان دوا کەوێت .. تیشکی خۆرەکە زیاتر گەرمای خۆی بەگیانی کاروانو کاروانچی‌یەکان گەیاندو ئەوانیش زیاتر جوڵانو دەنگیان لەوڵاخەکانیان دەکرد ، دایکی .. لەکاروانچی‌یەکەی پرسی :

- ڕێگا زۆری ماوە ؟
- ئەوەندەی کە هاتوین .

بەسەر سوڕمانێکەوە دەمی کردەوەو ناڕەزایەکی دەربڕی لەدوری ڕێگاکە .. لەبەر خۆیەوە ووتی :

- پیری شەوکێڵ هاوار ، خۆ بۆلای تۆ دێین . کاروانەکە زنجیرەیەکی بەستراوی بەهێز بوو ، لەیەك نەدەپچرا ، .. ئەو لەبەر دەمی دایکیا ... دابەزیو کەوتە پێشەوەی کاروانەکە ، تەزویەکی سەرکەوتن دای گرتبو کە دەی توانی لەپێش کاروانەکەوە بڕوات ، هەندێ جار ئاوڕێکی بۆ پاشەوەی خۆی دەدایەوە ، .. هێزی دەدایە خۆیو نەرمە ڕاکردنێکی بۆ کرد بۆ ئەوەی زیاتر کاروانەکە پێش بخات ... بەڵام چیایەکی بەرز کە لە پێشەوەی بوو ڕاکردنەکەی پێ بڕیو حەوانەوەیەکی بۆ کرد و کاروانەکە لەو تێپەڕی ، ئەو هەستاو گوڕی دایەوە خۆیو کەوتەوە نەرمە ڕاکردن تاوەکو کاروانەکەی بەجێ هێشتەوە .. لەلوتکەی چیاکە چوون بەودیودا کە پێشەنگی کاروانەکە هاواری لێکردن کەوا گەیشتنە پیری شەوکێڵ .

ئەو لەسەر بەردێکی بەرز وەستاو هەناسەیەکی سەرفرازی پەخش کردەوە بەناوچەکەداو پێڵوی چاوەکانی نایە سەریەك وەکو بیەوێت ڕابووردوی ڕەوانە بکاتەوە .

١ - قوتابخانەی عەونی قوتابخانەی مەلکندیە کە لەوکاتەدا بەناوی خاوەن خانوەکەوە ناودەبرا .
2 - پیرمە نسور / ناوچەیەکە لەگەڕەکی مەلکندی بەڵام بەناوی جی‌نزرگەی پیرمەنسورەوە ناو دەبریت .

# تو دبێژی ئەڤ چیروکە ژی هند گیروٚبیت ؟؟

فلمێ تەلەفزیونی‌ژی بدویماهی‌هات هندی هاتێ خەوا وی نەهات ، دەستهاڤێتە ڕادیونکا خویا بچویك هەر کاپکێ وێ ئیناو بر چ پروگرامیت ب دلێ وی نەدەرکەتن ئەوژی ڤەمراند ڕابو خو درێژ کرە سەر جهێ خوو ما هزرێت خو کرن ...

«ما بوچی ئەز نارابم ئەو چیروکا وێ ڕوژی من نڤیسیو هێلایە نیڤەروو تمامکەم ... ؟؟ ئاخر هەر خەوا من نائێت هەما دێ ڕابم خو ب وێڤە مژویلکەم بەلکی سوباهی محەمەدی‌ژی ببینم نوکە یێ بەتالە دێ نیشادەم کا دێ ج ئاقلێ وی ژێ بڕیت ... هەکە یا باش بیت دێ ڤێ نەقلێ فرێکەمە گوڤارا کاروان ... بەلێ ما بوچی‌یە .. ؟؟ یادی‌ژی ئەڤە پترە ژ چار هەیڤا من بو ڕوژنامێ فرێکری و هێش نەبەلاڤکری‌یە ... پا کاروان گوڤارەو هەر هەیڤی جارەکێ دەردکەڤیت هەما چنە چنە شەش حەفت هەیڤا دێ گیروبیت حەتا تێتە بەلاڤکرن بەلێ ئەو هێش چێترە هێشکو ئەو هندە جارا بەرسڤا نامێت مروڤی د پوستێ خوێنەرادا ددەت ئەڤێت دی هەما یا خو متکری نە دبێژن دێ بەلاڤکەین ... نە دبێژن بکێرنائێت ... !!! ئەڤە نزا بوچی تشتێ ئەم فرێدکەین نائێتە بەلاڤکرنو هندەك ژی دێ بەرهەمێت خو فرێکەن وەکی محەمەدی دوو هەیڤا ژی گیرونابنو تێنە بەلاڤکرن ، ئەڤە هەمی هەیڤەك تێنینە هەکو محەمەدی ئەو چیروك فرێکری هاتەبەلاڤکرنژیو ئو من دوو هەیڤا بەری وی ژی ئەو چیروکا خو فرێکریو هێش نەهاتی‌یە بەلاڤکرن ، بەلێ بخودێ ئەو ئاخڤتنا وێ ڕوژی حەسەنی دگوت دیارە ڕاستە هەکو دگوت :-

بابو هندەکا واسطە بێت هەین ل وێرێ و هندەکا هەما بێت ب خو عەلمێنە ناڤێت وان دوو سێ بەرهەمەکێت وان بێت هاتینە بەلاڤکرن ئێدی هەما ناڤێت وان بێت بو خو ژبەرکرین چی تشتێ وان فرێکر هەما زوی بەلاڤ دکەن بلا هەما یێ چەوا بیت ...

نەء ... نە بخودێ و سانینە هەکو حەسەنی دگوت پا ژکیڤە محەمەدی واسطەك هەیە یان ئێکی ل وێری دنیاسیت ئەز